# نەرێکردن لە زمانی کوردی و فارسیدا

(PP 431 – 454)

توێژەران:

م.ی. شەهرەزاد نایب موحەمەد / م.ی. سالم حەسەن عەزیز / م.ی. بەهرە سەلام حەمەغەریب

زانکۆی هەڵەبجە زانکۆی هەڵەبجە زانکۆی هەڵەبجە

بڵاوکردنەوە : 2020/10/29

DOI: https://doi.org/10.31972/jickpll19.25

## پێشەکی

توێژینەوە و شیکردنەوەی هەرلایەنێکی زمان، لە هەر ئاستێکی زماندا گرنگی خۆی هەیە و دەبێت بە وردی کاری لەسەربکرێت. نەرێکردنیش وەک بابەتێکی زمانیی کردەیەکە چ لە ئاستی ڕێزمان، یان ئاستی واتاسازیدا ڕۆڵ و ئەرکی تایبەتی هەیە و جێگای بایەخ پێدانە لە گشت زمانەکاندا، ئاشکرایە لە زمانی کوردی و زمانی فارسیشدا نەرێکردن کۆمەڵێک تایبەتیەتی خۆی هەیە، بۆیە توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لەو بابەتە زمانییە لە زمانی کوردی(شێوەزاری سلێمانی) و فارسیی نوێدا ئەنجامداوە، تا بتوانین تیشکێک بخەینە سەر ئەم لایەنە گرنگە لەو زمانانەدا بەتایبەتیش لە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری شیبکەینەوە.

**توێژینەوەکەش لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتووە:**

**بەشی یەکەم:** تایبەتمانکردوە بە نەرێکردن لە زمانی کوردیدا، لە دوو تەوەرە پێکهاتووە:

**تەوەرەی یەکەم**، چەمک و زاراوەی نەرێکردن و پێناسەی نەرێکردن، جۆرەکانی نەرێکردن، نەرێکردن لەڕووی واتاوە لەخۆدەگرێت.

**تەوەرەی دووەم**، نەرێکردن لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا خراوەتەڕوو.

**بەشی دووەم:** تایبەتە بە نەرێکردن لە زمانی فارسیدا، بەهەمان شێوەی بەشی یەکەم لە دوو تەوەرە پێکهاتووە:

**تەوەرەی یەکەم**، چەمک و زاراوەی نەرێکردن و پێناسەی نەرێکردن، جۆرەکانی نەرێکردن، نەرێکردن لەڕووی واتاوە لە زمانی فارسیدا لەخۆدەگرێت.

**تەوەرەی دووەم**، نەرێکردن لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا لە زمانی فارسیدا خراوەتەڕوو.

**بەشی سێیەم:** لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا هەستاوین بە بەراوردکردنی نەرێکردن لە هەردوو زمانی کوردی و زمانی فارسیدا، کە لە چەند لایەنێکەوە بەراوردکاریەکەمان کردووە.

- بەراوردکردنی مۆرفیمەکانی نەرێکردن لە زمانی کوردی و فارسیدا.

- بەراوردکردنی نەرێکردنی ئاوەڵناو لە زمانی کوردی و فارسیدا.
- بەراوردکردنی مۆرفیمەکانی نەرێکردنی کردار لە زمانی کوردی و فارسیدا.
- بەراوردکردنی نەرێکردنی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشماندا ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووین لە توێژینەوەکەدا و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: نەرێکردن لە زمانی کوردیدا

### تەوەرەی یەکەم:

### چەمک و زاراوەی نەرێکردن

زمان دیاردەیەکی ئاڵۆزە و هەر لایەنێکی بگرین بەشێوەیەکی ورد کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆیی هەیە، نەرێکردنیش کردەیەکی زمانییە و وەک یەکێک لە لایەنەکانی زمان کۆمەڵێک وردەکاری لەخۆدەگرێت، مەبەست لە نەرێکردن"ئەو کارەیە کە باس لە ئەنجام نەدانی کارێک یان ڕوداوێک دەکات، کە ئەمە لە هەموو زمانە سروشتییەکاندا بەدیدەکرێت"(**سەلوا فەریق سالح: 2009: 170**)، بە شێوەیەکی ڕوکەش نەرێکردن"تەنیا واتای ڕونەدانی کارێک، یان بەرپەرچدانەوەی هەڵوێستێک دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، دەبینین زیاتر لە واتایەک دەگەیەنێت" (**عبدالله حسین رەسول: 2014: 7**)، نەرێکردن جگە لە واتا ڕوکەشیەکەی ئەم واتایانەش دەگەیەنێت(بەرامبەری، پێچەوانەیی، بەراوردی، یەکسەری ، سوربون، پێداگرتن، دودڵی، ....).

لەڕووی زاراوەوە (نەرێکردن) کۆمەڵێک زاراوەی تریشی بۆ بەرهاتووە لە زمانی کوردیدا، وەک: (ناکردن، نەرێ، نەفی، نا، نەهی، .....)، لەم توێژینەوەیەماندا بۆئەوەی دوربین لە فرەزاراوەیی، زاراوەی(نەرێکردن) بەکاردەهێنین.

لەڕوی دروستەشەوە زاراوەی (نەرێکردن) لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە بەرێگای لێکدان بەبێ ناوبەند، هەروەها هەر زاراوەیەکیش، کە وەردەگیرێت پێویستە ئەم چەند تایبەتمەندییەی تێدابێت(**سەلام ڕەحیم ڕەشید، خۆشناو عزیز امین: 2016: 96 و ئەوسەرچاوانەی لەوێدادراون**):

1- زاراوە وشەیەکی سادە، یان ناسادەبێت.
2- هەر زاراوەیەک بۆ یەک مەبەست و دیاردە تەرخانکراوبێت، زیاتر لە چەمکێک یان شتێک بە زاراوەیەک دەرنەبرێت.
3- زاراوە تایبەتە بە بابەت و لایەنێکی زانین و ژیاری و ڕوناکبیریی.

4- زاراوەکە بەیەکێک لە ڕێگاکانی پەیدابونی ڕۆنانی زاراوە ڕۆنرابێت.

5- زاراوەکە لە لایەن خەڵکی پسپۆڕ و تایبەتمەندی ئەو بوارەوە پێشنیازکرابێت، واتە زاراوەداڕێژ پسپۆڕ و تایبەتمەندی ئەو بوارەبێت.

6- وردبونەوە لە واتا و مەبەستی زاراوەکە و بەکارهێنانی بۆ هەمان دیاردە و مەبەست لە زماندا.

7- واتای زاراوەکە لەڕێگەی پێناسەکردنیەوە دیاری بکرێت.

8- ئەگەربکرێت لەنێوان زاراوەکە و ئەوچەمکەی، کە دەری دەبڕێت جۆرەپەیوەندییەک هەبێت.

**پێناسەی نەرێکردن**

نەرێکردن"کردەیەکی زمانەوانییە، ئەرکی سەرەکی، جێبەجێنەکردن و بەرپەرچدانەوەی ڕستەیە"(**عەبدوللا حوسێن ڕەسول:2014 : 161**)یان نەرێکردن"کردەیەکی ڕێزمانیی، یان واتاییە، بەزۆری بەرپەرچدانەوەو جێبەجێنەکردن دەگەیەنێت."(**عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول:1991 : 3**) ، نەرێکردن"چەمکێکی سیمانتیکیە، وەک کەرەستەیەکی سینتاکسی لە ڕستەدا دەردەکەوێت، بەجێنەهێنانی ئەرکی کاری ڕستەکە دەگەیەنێت.(**وریا عومەر ئەمین: 2009: 82**) نەرێکردن"کردەیەکی ڕێزمانییە، ئەرکی سەرەکی جێبەجێنەکردنی کاری ڕستەکە دەگرێتەخۆ"(**نەریمان خۆشناو:2012: 141**)، کەواتە نەرێکردن نەکردن و پێچەوانەی کارێک یان ئاوەڵناوێک یان ڕستە دەگەیەنێت، کە بەهۆی هەندێک مۆرفیمەوە ئەنجام.دەدرێت و بابەتێکی هاوبەشە لەنێوان ڕێزمان و واتادا.

**جۆرەکانی نەرێکردن**

بەگشتی دووجۆر نەرێکردنمان هەیە:

1- نەرێکردن بەهۆی مۆرفێمی نەرێکردنەوە

ئەم جۆرەی نەرێکردن لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت:

أ: هەندێک مۆرفێم هەیە، کە بۆ نەرێکردن بەکاردەهێنرێن، بە مۆرفیمەکانی نەرێکردن ناویان دەبەین، وەک (نە، مە، نا، نی، بێ). بەنموونە:

- من نەچووم بۆ بازاڕ.
- نانەکە مەخۆ.
- کتێبەکەم نادەم بە تۆ.
- ژنەکە لەماڵ نییە.
- بێ تۆ ناڕۆم.

لەو نمونانەی سەرەوەدا مۆرفیمی نەرێکردنەکە چوەتە سەر کاری ڕستەکە و ڕستەکەی بۆ نەرێکردووین، بەڵام دەشێت لەهەندێک وشەدا ئەو مۆرفێمانە وشەیەکمان بۆ نەرێ بکەن، بەنمونە:

(ناخۆش، نەزان، بێناز،....)

ب: هەندێک وشەمان هەیە لەڕستەدا بۆ نەرێکردن بەکاردەهێنرێن، وەک ( هیچ، هەرگیز، قەد،..).

هیچ کەس نەڕۆشتووە.

- هەرگیز گۆشت ناخوات.

- قەد لە سەربان نەنوستوم.

2- نەرێکردن بەهۆی واتاوە

مەبەست لێی ئەو جۆرەی نەرێکردنەیە، کە لە ڕوکەشدا ڕستەکە هیچ مۆرفێمێکی نەرێکردنی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵام لەڕوی واتاوە ڕستەیەکی نەرێکراو دەگەیەنێت.

- ئازاد پێشتر گۆشتی سوری دەخوارد. (واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئێستە گۆشتی سور ناخوات.)

- جگەرە کێشان قەدەغەیە. (واتای ئەوەیە جگەرە مەکێشە.)

- ئەگەر نەسرین بێت ، من دەڕۆم. (واتە نەسرین نەهاتوە، من ناڕۆم.)

**نەرێکردن لەڕووی واتاسازییەوە**

کاتێک دەڵێین نەرێکردن واتە نەکردن و ئەنجامنەدانی کردەیەک، یان بەرپەرچدانەوەی بەشێکی ڕستە، یان هەموو ڕستەکە، کە لەهەریەکێکیاندا واتا و مەبەستی جیاوازدەگەیەنێت، زۆرجار بەهۆی هێز و ئاوەزی ڕستەوە، یان کات و شوێنی ئاخاوتن لەواتاکەی دەگەین. لەڕووی واتاوە نەرێکردن "داوانەکردنی کارە لەڕووی دەسەڵاتەوە و داواکەش دەبێت ئەرکبێت بۆ داوالێکراو"(**عەبدولواحید موشیر دزەیی: 2015: 151**)، ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری نەرێکردن بکەین ڕەنگە"تەنیا واتای ڕونەدانی کارێک، یان بەرپەرچدانەوەی هەڵوێستێک بگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین دەبینین زیاتر لەواتایەک دەگەیەنێت"(**عەبدوڵلا حوسێن رەسول:1991 : 7**) واتاکانی نەرێکردن بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین دابەشیبکەین بۆچەند جۆرێک:

1- بەرامبەری : یەکێک لەواتاسەرەکییەکانی نەرێکردن ، ئەنجامنەدان و ڕوونەدانی کردەیەک دەگەیەنێت.

ئازاد هات. - ئازاد نەهات.

شیرین ڕۆیشت. - شیرین نەڕۆیشت.

بەیانی دەچم بۆ سلێمانی. - بەیانی ناچم بۆ سلێمانی.

2- پێچەوانەیی : یەکێکی تر لەو واتایانەی بەهۆی نەرێکردنەوە دەگەیەنرێن ،پێچەوانەییە ، کەزیاتر بەهۆی ئاوەڵناوەکانەوە دەخرێتەڕوو -.

چیا دڵسۆزە. -چیا دڵسۆزنییە .

نەسرین دەستڕەنگینە. - نەسرین دەستڕەنگین نییە.

3- بەراوردی : نەرێکردنە لە نێوان دووشت یان زیاتردا ، بە هۆی پلەکانی باڵا و بەراوردەوە .

چیا لە شیرین زیرەکترە. - چیا لەشیرین زیرەکتر نییە.

زانکۆ لەقوتابخانە خۆشترە. - زانکۆ لەقوتابخانە خۆشترنییە.

4- ڕاستەوخۆ ڕودانی کارێک: واتای ڕاستەوخۆ ڕوودانی کارێک دەدات ، کە کەسی بەرامبەر کارەکەی تەواو ئەنجامنەداوە ، لەبەرامبەردا ڕووبەڕووبوونەوە و ئەنجامدان لە بەرامبەریدا هەیە، "ئەم جۆرە زیاتر کورتی ماوەی نێوان ڕودانی دوو کار دەردەبڕێت، لەو دۆخانەدا دەبێت، کە ڕستەکە لێکدراوبێت وکاری ڕستەی یەکەم بە ناکراوی لە هەمان ڕستەدا دووبارەکرابێتەوە و بەهۆی (و)ی ئامڕازی بەستنەوە لێکدرابن، بەمەرجێک کارەکان لەتافی ڕابردودابن"(**عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول:1991 : 10**)

قسەم کرد و نەکرد ، ئەو پیامدا هەڵشاخا.

گەیشتم و نەگەیشتم ، بەرامبەرم وەستان / دەرپەڕین .

5- دوودڵی : هەندێ جار نەریکردن واتای دوودڵی و دڵەڕاوکێ دەگەیەنێت، کەبەهۆی وشەکانی ( نازانم ، تۆ بڵێی ، پێموایە ، لەوانەیە ، ڕەنگە ،.... )ەوە .

نازانم سەردانیان بکەم یان نەیکەم.

نازانم دەرئەچێت ، یان دەرناچێت.

تۆبڵێی ئەماناتەکە بگاتە دەستم یان نەگات .

پێموایە دێم و نایەم. - ڕەنگە بێم و ڕەنگە نەیەم.

6- پێداگرتن : لەم جۆری نەرێکردنەدا ، جۆرێک لە پێداگری بەدیدەکرێت

باوەڕکە ڕازی نابم تۆ ئەو ئەزیەت بکێشیت .

بەیانی بۆ ئاهەنگەکە بێیت و نەیەیت ، هەر بانگت دەکەم.

موچە بدرێت و نەدرێت دەبێت کرێ خانووەکە لە کاتی خۆیدا بدەن.

بە خوا نایەڵێت ، بە دڵی خۆمان دوو سەفەر بکەین .

7- دڵنیابوون : یەکێکی تر لەئەرکەکانی نەرێکردن ، گەیاندنی واتای دڵنیاییە :

قسەبکەم و نەکەم ، ئەوان کاری خۆیان تەواو کردووە.

پێتخۆشبێت و پێتناخۆشبێت ، دەبێت بەشداری کۆبوونەوەکە بکەیت.

8- هەڕەشەکردن: قسەکەر لەڕێگەی بەکارهێنانی نەرێکردنەوە دەیەوێت جۆرێک لەهەڕەشەکردن بەکاربهێنێت

نانەکەت بخۆ با لێت نەدەم.

پێت دەڵیم، مەڕۆ ، دواتر خۆت بەرپرسیاریت.

9 – ئاگادارکردنەوە : لەم جۆری بەکارهێنانەدا ، ئەرکی نەرێکردن ، گەیاندنی واتای ئاگادارکردنەوەیە ، لە ڕوودانی کارێکی خراپ .

کارەکانت بەجوانی بکە ، با دەرتنەکەن

– بە قسەی من دەکەیت نەچیت باشترە، مەڕۆ با توشی کێشە نەبیت.

لەوە زیاترت پێنالێیم بزانم چی دەکەیت .

10– تورەبوون :

هەرنایکرم، هەر نایفرۆشم.

هەرنایەم، هەرنامەوێت بیبینم.

11–تکا کردن

تخوا ئەگەر قسەی باش نازانیت، هی خراپیش مەکە.

تخوا ئەگەر لێی نازانیت، دەستکاری مەکە، با خراپ نەبێت.

12– پشتگوێخستن :

لێرە دەمێننەوە، نامێننەوە کێشەی من نییە.

شەڕدەکەن ، شەڕناکەن، پەیوەندی بەئێمەوە نییە.

13– سوربوون

تۆ بێیت و نەیەیت، من دەڕۆم.

بەگشتی ئەم واتایانە دەگەیەنێت نەرێکردن، کە خرانەڕوو.( **بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە، بروانە: عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول:1991 : 7–22، عەبدولواحید موشیر دزەیی: 2015: 151–154** )

**تەوەرەی دووەم: نەرێکردن لە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا**

**نەرێکردن لە ئاستی وشەسازیدا**

مۆرفیمەکانی نەرێکردن لە ئاستی وشەسازیدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، بەتایبەتی لە بەشە ئاخاوتنەکانی ئاوەڵناو و کاردا، بەشێوەیەکی گشتیش ئەم مۆرفیمانە ڕۆڵی چالاکیان هەیە لە نەرێکردندا (نە، نا، نی، مە، بێ).

نەرێکردنی ئاوەڵناو، ئاوەڵناو بەهۆی مۆرفیمی نەرێکردنەوە نەرێدەکرێت، یان واتای پێچەوانەیەکەی دەگەیەنێت.

نا: خۆش← ناخۆش

بێ: نازدار← بێناز

کار← بێکار

نە: ناسراو ← نەناسراو

پێزان← پێنەزان

**نەرێکردنی کار**

نەرێکردنی کار بەهۆی مۆرفیمەکانی نەرێکردنەوە ئەنجامەدرێت، کە هەریەکە لەو مۆرفیمانە بۆ کات و تافێک بەکاردەهێنرێت و لەپێشی کارەکەوە دادەنرێت.

1- **نە:** ئەم مۆرفیمی نەرێکردنە دەچێتە سەر کاری ڕابردوو بەهەموو جۆرەکانیەوە و هەروەها دەچێتە سەر کاری ڕانەبردووی دانانی، لەهەندێک جاریشدا کاری داخوازی پێ نەرێدەکرێت.(**بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف: 2000: 298- 314** )

**نموونە: تێنەپەڕ/**

ڕابردووی هەواڵی نزیک : کەوتم - نەکەوتم

ڕابردووی هەواڵی تەواو: کەوتووم - نەکەوتووم

ڕابردووی هەواڵی دوور: کەوتبووم - نەکەوتبووم

ڕابردووی هەواڵی بەردەوام: دەکەوتم - نەدەکەوتم

ڕابردووی دانانی نزیک: کەوتبام - نەکەوتبام

ڕابردووی دانانی تەواو: کەوتبێتم - نەکەوتبێتم

ڕابردووی دانانی دوور: کەوتبومایە - نەکەوتبومایە

ڕابردووی دانانی بەردەوام: بکەوتبامایە - نەکەوتبامایە

**تێپەڕ/**

ڕابردووی هەواڵی نزیک : خواردم - نەمخوارد

ڕابردووی هەواڵی تەواو: خواردوومە - نەمخواردووە

ڕابردووی هەواڵی دوور: خواردبووم – نەمخواردبوو

ڕابردووی هەواڵی بەردەوام: دە مخوارد – نەمدەخوارد

ڕابردووی دانانی نزیک: خواردبام – نەمخواردبا

ڕابردووی دانانی تەواو: خواردبێتم – نەمخواردبێت

ڕابردووی دانانی دوور: خواردبومایە – نەمخواردبوایە

ڕابردووی دانانی بەردەوام: بخواردبایە – نەخواردبایە

**ڕانەبردووی دانانی:** تێنەپەڕ/ بکەوم – نەکەوم

تێپەڕ/ بخۆم – نەخۆم

**داخوازی/ فەرماندان**: نەرێکردنی کاری فەرمان لەهەندێک بارودۆخدا بۆ نەرێکردنی کاری داخوازی مۆرفێمی (نە) بەکاردەهێنرێت، وەک لەم نمونانەدا ڕووندەبێتەوە.

بخۆ – نەخۆی – نەخۆن

بچۆ – نەچی – نەچن

2- **نا:** ئەم مۆرفێمە دەچێتە سەر کار و تەنها لەگەڵ فۆڕمی کاری ڕانەبردووی ڕێژەی هەواڵیدا بەکاردێت، کارەکە تێپەڕبێت، یان تێنەپەڕ، سادەبێت، یان ناسادە، مۆرفێمی نەرێکردنەکە هەر لەپێشی ڕەگەکەوە دادەنرێت.(**ئەورەحمانی حاجی مارف: 2000: 295**)

نموونە: **تێنەپەڕ/** **سادە:** دەنوم - نانوم

**داڕێژراو:** هەڵدەچم - هەڵناچم

**لێکدراو:** سەردەکەوم - سەرناکەوم

**تێپەڕ/** **سادە:** دەخۆم - ناخۆم

**داڕێژراو:** دادەگرم - داناگرم

**لێکدراو:** بەخێودەکەم - بەخێوناکەم

3- **نی** : مۆرفیمی (نی) بۆ نەرێکردنی کاری هەبوون بەکاردەهێنرێت بۆ تافی ڕانەبردوو*.

هەم – نیم ، هەیە – نییە ، هەن – نین

4- **مە**: مۆرفیمی (مە) بۆ نەرێکردنی کاری داخوازی/فەرمان بەکاردەهێنرێت.

بنوسە- مەنوسە – مەنوسن

بخەوە – مەخەوە – مەخەون

**نەرێکردن لە ئاستی ڕستەسازیدا**

نەرێکردن لە ڕستەدا بەهۆی مۆرفیمەکانی نەرێکردنەوە ئەنجام دەدەرێت، کردەی نەرێکردن لە ڕستەدا" ئەرکی جێبەجێ نەکردن و بەرپەرچدانەوەی بەشێکی، یان هەموو ڕستەکەیە"(**تارا عەبدوڵا سەعید: 2014: 105**) " ئەو ڕستەیەی کە ئەمانەوێت بیکەین بە نەفی، ئەشێ فرمانەکە تیا بدۆزینەوە، ئەنجا بکرێن بە نەفی"(نوری عەلی ئەمین: 2014: 184) ڕستەی نەرێکراو " بۆ گوزارشتکردن لەو پەیوەندیانە بەکاردێت، کە لەنێوان دیاردەو ڕوداوی ڕۆژانە هەن و مرۆڤ هەست بە بونیان دەکات، بەزۆریش (نە، نا) ڕستەی نەرێ لە زماندا دروستدەکات، چونکە ڕستەی نەرێ بەشێوەیەکی نەبونی ڕوداوی بیری ڕستەیە، کە بەتەواوی نیشانمان دەدات" (**عەبدولواحید موشیر دزەیی: 2013: 66**) لە ڕستەسازیدا مۆرفیمەکانی نەرێکردن بەم جۆرەی خوارەوە ڕۆڵ دەبینن:

1- **(نە):** ئەم مۆرفیمە ڕستە لە ئەرێوە دەکات بە ڕستەیەکی نەرێکراو، مۆرفیمی نەرێکردنەکە دەچێتە پێش کارەکەوە، بەنموونە:

من نانەکەم خوارد. من نانەکەم نەخوارد.

هاوکار هات. هاوکار نەهات.

هەندێکجار مۆرفیمی نەرێکردن لە ڕستەدا شوێنەکەی دەگۆڕێت، دەچێتە پێش ناوەوە.

نە نەسرین هات، نە نەوزاد.

2- **(نا)**: بۆ نەرێکردنی ڕستەی کاری ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕ لە دۆخی ئاگاداریدا بەکاردێت. (**عەبدولواحید موشیر دزەیی: 2013: 67**)

من بۆ زانکۆ دەچم.      من بۆ زانکۆ ناچم.

هاوکار ئۆتۆمبێلەکە دەکڕێت.   هاوکار ئۆتۆمبێلەکە ناکڕێت.

---

*لە کرمانجی ژوروودا مۆرفیمی(نی) کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی هەبونی پێ نەرێ دەکرێت. بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2000: 313 – 314.

نەرێکردنی ئەو ڕستانەی کە کارەکەیان ڕانەبردووە لەڕووی واتاوە جیاوازن لە نەرێکردنی ئەو ڕستانەی کە کارەکانیان ڕابردووە، لەبەرئەوەی "نەرێکردنی ڕانەبردوو زیاتر جێی شک و گومانە وەک لە هی ڕابردوو"(**ڕۆژان نوری عەبدولا:2013: 113**) بەنموونە:

ئازاد ئەمساڵ دەرناچێت.      (لەوانەیە هەوڵبدات دەربچێت.)

دوێنێ باران نەباری.          (لەڕاستیدا باران نەباریوە.)

3- **(مە)**: ئەم مۆرفیمی نەرێکردنە لە ڕستەدا بۆ نەرێکردنی ڕستەی فەرماندان/داخوازی بەکاردێت، هەموو ڕستەیەکی فەرماندانی ئەرێ دەگۆڕێت بۆ نەرێ، مۆرفیمی(مە) لەجێگای مۆرفیمی(ب) دادەنرێت، جا ڕستەکە تاک بێت یان کۆ.(**ئاسۆ عەبدولڕەحمان کەریم: 2014: 147**)

تا نیوەڕۆ بخەوە.      تا نیوەڕۆ مەخەوە.

تا نیوەڕۆ بخەون.      تا نیوەڕۆ مەخەون.

لە هەندێک ڕستەدا فەرماندانا مۆرفیمی (ب)ی ئەرێ دەگۆڕێت بۆ (نە)ی نەرێ و ڕستەکەی پێ نەرێ دەکرێت.(**هەمان سەرچاوەی پێشوو: 147**)

نامەکە بنوسن.            نامەکە نەنوسن.

کارەکەت بکەی پاداشت دەکرێیت.   کەرەکەت نەکەی پاداشت ناکرێیت.

4- **(نی)**: لە ڕستەدا "ئەم مۆرفیمە بۆ نەرێکردنی کاری بێهێز بەکاردەهێنرێت".(**تارا عەبدولا سەعید: 2014: 107**)

تۆ زیرەکیت.      تۆ زیرەک نیت.

ئەو جوانە.       ئەو جوان نییە.

بۆ نەرێکردنی ڕستەی پرسیاری" زۆرجار لە ئەنجامی بەرپەرچدانەوەی پرسیارێک یان بۆ دەرنەخستنی ئەو زانیاریەی لە پرسیارەکەدا دراوە، وەڵامی پرسیارەکە بەنەرێ دەدەینەوە. ئەو وشانەی بۆ ناکردنی وەڵام بەکاردێن، تایبەتمەندییان نییە و کەسی دووەم بە ئارەزووی خۆی دەتوانێت هەڵیانبژێرێت، وەک: نە، نا، نەخێر، ..." (**عەبدوللا حوسێن رەسول:2014 : 27**)

ئازاد ڕۆشت؟ نە ٌ

تۆ دەچی؟ نا

نان دەخۆن؟ نەخێر

5- بێ: منداڵێکی بێنازم بینی.

پیاوە بێ ماڵەکە هات بۆلامان.

**بەشی دووەم: نەرێکردن لە زمانی فارسیدا**

**تەوەرەی یەکەم:**

**چەمک و زاراوەی نەرێکردن لە زمانی فارسیدا**

لە هەموو زمانەکاندا نەرێکردن بوونی هەیە، لەزمانی فارسیشدا نەرێکردن "باس لە ئەنجامدان، یان ئەنجام نەدانی کارێک، یان ڕوداوێک دەکات لە هەر کاتێکدابێت، کەواتە دەکرێت لە هەموو کاتێکدا کارەکە ئەرێ، یان نەرێ بکرێت" (**سەلوا فەریق ساڵح: 2009: 116**) چەمکی نەرێکردن ئاڵۆزترە و بەشێوەی جۆراوجۆر لە زماندا لێی کۆڵراوەتەوە، فەرهەنگناسان و زمانەوانان پێناسەی جیاوازیان بۆکردووە. نەرێکردن بۆ بەرگریکردنە لە نەبوونی شتێک، یان بۆ دەرخستنی ڕاستیەکە لە نەبوونی شتێک، یان بۆ پەسەندنەکردن و وەڵامدانەوەی پرسیارێک.(**محمد حسین کلانتری**: www.academia.edu)، نەرێکردن بەواتای ڕەتکردنەوەی کاری ڕستەیە، کە بەشێوەی نەرێ دەردەبردرێت. لەڕووی زاراوەشەوە لە زمانی فارسیدا بۆ نەرێکردن زاراوەی (نفی، منفی کردن، منفی سازی، ...) بۆ بەکاردەهێنرێت.

**پێناسەی نەرێکردن**

لە زمانی فارسیشدا بەهەمان شێوەی زمانی کوردی نەرێکردن پێناسەکراوە و هەمان واتادەگەیەنێت، بریتیە لە نەکردن و ئەنجام نەدانی کارێک، کە بەهۆی مۆرفیمەکانی نەرێکردنەوە ئەنجام دەدرێت.

**جۆرەکانی نەرێکردن**

نەرێکردن لە زمانی فارسیدا بەشێوازی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت، جۆرەکانی نەرێکردن لە زمانی فارسیدا بە گشتی دووجۆرە:

1- نەرێکردن بەهۆی مۆرفیمی نەرێکردنەوە: مۆرفیمەکانی نەرێکردن لە زمانی فارسیدا بریتین لە(نـ ، نە، نا ، بی، چد) ئەم مۆرفیمانە دەبنە هۆی نەرێکردنی ناو، ئاوەڵناو، کار، ڕستە.

درست- نادرست ، رفت – نرفت، مغز – بی مغز

ازاد برای دانشتگاه نرفت.

هەندێک وشەمان هەیە، کە لە ڕستەدا بەکاردەهێنرێت بۆ نەرێکردن، وەک( هیچ/ هیچی، هیچی کی، هیچ وقت، هیچ جا، هرگیز) لەو ڕستانەدا بەکاردێت، کە کاری ڕستەکە نەرێیە.(**مهرزاد منصوری**: www.academia.edu)

– ازاد هیچ وقت اربیل نرفت.

_ او هرگیز این کار را نمی کند.

_هیچی کی نیامد.

2- نەرێکردن بەهۆی واتاکەیەوە: لە ڕوی دروستەوە مۆرفیمی نەرێکردن نابینرێت، بەڵام ڕستەکە واتای نەرێکردن دەگەیەنێت.

– من قبلا گوشت می خوردم. ( من حالا گوشت نمی خورم.) هەندێکجاریش لە ڕستەکەدا بەیارمەتی وشەیەک، کە بەواتای نەرێ لە زمانی فارسیدا دێت، ڕستەکە نەرێ دەکات.(**ویدا شقاقی**: www.ensani.ir/article)

- او محال است این کار را بکند.

**نەرێکردن لەڕووی واتاسازییەوە**

لە زمانی فارسیدا بەهەمان شێوەی زمانی کوردی نەرێکردن لە ڕووی واتاوە، بەرپەرچدانەوەی بەشێکی ڕستە، یان هەموو ڕستەکەیە، بەپێی جۆری ڕستەکە و شیکردنەوەی لە ڕووی واتاوە، واتای ڕاستی نەرێکراوی ڕستەکەمان بۆ دەردەکەوێت.

بەشێوەیەکی گشتی لەزمانی فارسیدا دەتوانین لەڕووی واتاییەوە دابەشیبکەین بۆچەند واتایەک:

1- دیاریکردن و ڕەتکردنەوە : وەڵامدانەوەیەکی نەرێنی بۆ پرسیاریکی جەمسەری . (**والی رضایی ،مهناز ازادمنش: 1397: 62**)

-- چیا قشنگ است ؟ - چیا قشنگ نیست .

-- تو همی روز صبحانه می خوری ؟ نه ، همی روز نمی خورم .

-- فردا به دانشگه می روی ؟ نه به دانشگه نمی روم.

2- نەهی کردن : ڕێگرتن لەڕوونەدانی کارێک (**فاطمه جعفری: 1392: 155**)

- مهمونی نرو ، پشت سرشون هم حرف نزن .

- از اینجا نروید.

3- جیاوازیکردن : نەبوونی یەکسانی /هاوشێوەبوون لەنێوان دووشتدا ، بەهۆی بەکارهێنانی ئاوەڵناو و پلەکانی بەراوردەوە ( تر ،ترین ).

او که بد نیست .

مهناز از شیرین قشنگتر نیست.

سارا تنبل ترین دانشجو نیست

4- ونبوون /بزربوون : نەبوونی دیاردەیەک لەدونیادا .

اسمان سبز نیست .

در بهار برگ های درختان نمی ریزند.

مردم نمی توانند پرواز کنند.

5- خاوەنداری نەکردن، ڕەتکردنەوەی بوونی شتێک (**والی رضایی ،مهناز ازادمنش: 1397: 62**)

من خانی ندارم .

این ها کتاب های شما نیستند.

او دوچەرخە ندارد .

6- ڕوونەدان : پێداگری لە ڕوونەدانی دیاردەیەک لە ڕابوردوو ئێستا و ئایندەدا .

او درس را نخواند . (گذشته)

من هرگز این کار را نمی کنم . (اینده)

من هیچ گاه در فصل زمستان اب سرد ننوشیدم .

7- هەڕەشەکردن و ئاگادارکردنەوە : قسەکە ر لەڕێگەی بەکارهێنانی نەرێکردنەوە دەیەوێت جۆرێک لەهەڕەشەکردن بەکاربهێنێت و گەیاندنی واتای ئاگادارکردنەوەیە ، لەڕوودانی کارێکی خراپ.

میگم نرو ،بعد از این نتوانم به شما کمک کنم .

کارتان بەخوبی انجام بدهن ،تا اخراج نکنی .

کارتان بەبهترین عملکرد تصمیم گیری تا گرد نکنی.

8- دوودڵی : هەندێجار نەریکردن واتای دوودڵی و دڵەڕاوکێ دەگەیەنێت ، کەبەهۆی وشەکانی ( نمی دانم ، تو بگی ، اگر ، شاید ،.... )ەوە .

نمی دانم چ بگویم

شاید الان واقعا نباید ترک کنم

اگر در وقت لازم نمی توانم برگشتم ، چکار بکنم .

10- تورەبوون : :

نمیخواهم ، بەهیچ جاه نمیام

نمی نوشیدم بەعلت جهل شما .

11-تکا کردن

لطفا اگر نمی توانی با ما کمک کنی ، چیزی نگو /مگو .

12- گوێپێنەدان : قسەکەر لە ڕوودان و ڕوونەدانی کردەکان بێباکی خۆی نیشاندەدات :*

انها در اینجا بمانند یا نمانند مشکل من نیست.

**تەوەرەی دووەم: نەرێکردن لە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا**

**نەرێکردن لە ئاستی وشەسازیدا**

مۆرفیمەکانی نەرێکردن لە ئاستی وشەسازیی زمانی فارسیدا ڕۆڵی گرنگیان هەیە، بەهۆی کۆمەڵێک مۆرفیمی نەرێکردنەوە نەرێکردنەکە ئەنجام دەدرێت، بەگشتیش لە زمانی فارسی نوێدا بەهۆی ئەم مۆرفیمانەی خوارەوە نەرێ دەکرێت:

1- بی: ئەم مۆرفیمە دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناو دروست دەکات و واتای کۆنەکەی لەدەستدەدات و واتایەکی نوێی دژی دەبێت، وەصفی ناوێک دەکات. (**محمد حسین کلانتری: www.academia.edu**)

**وەک:** بی مروت، بی شعور ، بی مغز، بی بهره.

2- ضد: ضد نژاد پرستی، ضد وابستگی ، ضد فساد

3- نا: ئەم مۆرفیمە ئاوەڵناو دروست دەکات، وەک: (توانا – ناتوان، دانا – نادان)، هەروەها ئەم مۆرفیمە دەچێتە سەر چەند وشەیەکی تر و وشەی نوێی نەرێکراو دروست دەکات:(**هەمان سەرچاوەی پێشوو**)

- دەچێتە سەر ناو بەواتای(بی) ئاوەڵناو دروست دەکات: ناامید، ناکام
- دەچێتەسەر ئاوەڵناو و ئاوەڵناو دروست دەکات: نادرست، ناپختە
- دەچێتەسەرقەدی ڕانەبردو بەهاوکاری ناوێک کە تەواوکەری کارە، ئاوەڵناو دروست دەکات: حق ناشناس
- دەچێتەسەر قەدی ڕابردوو و دژ دروست دەکات: بود / نابود
- دەچێتەسەر چاوگ و چاوگەکە نەرێ دەکات: ناگفتن
- دەچێتەسەر ئاوەڵناو کە تەواوکەری قەدی ڕانەبردووە و ئاوەڵناو دروست دەکات: نامکان گیر

4- نـ مۆرفێمێکی نەرێکردنە و دەچێتەسەر یەکێک لەمانەی خوارەوە: (**حسن انوری، حسن احمدی کیوی: 288**)

أ- دەچێتە سەر ئاوەڵناو، ئاوەڵناوی نەرێ دروست دەکات: نفهمیده ، نسنجیده

ب- دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناو دروست دەکات: نبهره

پ- دەچێتە سەر قەدی کار، یان ناو ئاوەڵناو دروست دەکات: نترس، نفهم، نخور، ندار، نسوز

ج- لە پێکهاتەی ئاوەڵناوی لێکدراوی نەرێکراودا هەیە: خدانشناس، زبان نفهم

هەروەها ئەم مۆرفێمە(ن) بۆ نەرێکردنی کار بەکاردێت، کە لە نەرێکردنی کاردا بە وردی ڕونیدەکەینەوە.

5- نە: مۆرفێمی (نە) لە ئاستی ڕستەسازیدا بەکاردێت بۆ نەرێکردنی ڕستە.

این کار نەخوب است نە بد.

---

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: 1-(والی رضایی ،مهناز ازادمنش ، رده شناسی نفی در زبان فارسی ،انگاره نقش معنایی ، نشریه پژوهش های زبان شناسی تگبیقی ، سال هشتم ، شماره 15، -بهارو تابستان 1397 ) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدادراون .

2-فاطمه جعفری ،دستورکاربرد،ویژەی زبان اموزان غیر فارسی زبان ، جلد دوم ، 1392 ،تهران.

**نەرێکردنی کار :**

لە زمانی فارسیدا نەرێکردنی کار بەهۆی مۆرفێمی(نـ) ئەنجام دەدرێت، بۆ هەموو تافەکانی کار ڕابردووبێت، یان ڕانەبردوو مۆرفێمی نەرێکردنەکە دەکەوێتە پێش کارەکەوە.(**مهدی مشکوه الدینی: 1379: 118**) کاری نەرێ بەهۆی مۆرفێمی(ن) نەرێدەکرێت و بەکاردێت بۆ مەبەستی نەرێکردن.

**جۆرەکانی کار لە زمانی فارسیدا و نەرێکردنیان٭:**

کاتی ڕابردوو(ماضی):

1- ماضی مطلق/سادە: رفتم - نرفتم

2- ماضی استمراری: می رفتم - نمی رفتم

3- ماضی ملموس/مستمر : داشتم می رفتم ---- شێوازی نەرێکردنی نییە.

4- ماضی نقلی: رفتەام - نرفتەام

5- ماضی نقلی کامل/ نقلی استمراری:

ئەم کارە لە دوو ڕێژە دروستبووە ( ڕابردووی تەواو + ڕابردووی بەردەوام).( **یوسف شریف سعید: 2012: 229**) :

دعوا می کردەام - دعوا نمی کردەام

6- ماضی بعید/ گڒشتە دور: رفتەبودم - نرفتەبودم

7- ماضی ابعد/ گذشتە دورتر: رفتەبودەام - نرفتەبودەام

8- ماضی التزامی: رفتەباشم – نرفتەباشم

**کاتی ڕانەبردوو:**

1- مضارع اخباری: بۆ نەرێکردنی ئەم کارە (ن)ی نەرێکردن بۆسەرەتای کارەکە دادەنێین.

می روم - نمی روم

2- مضارع التزامی: بۆ نەرێکردنی ئەم کارە مۆرفێمی (ب)ی نیشانەی ڕانەبردووی التزامی لادەبەین و (ن)ی نەرێ دادەنێین.(**فاطمە جعفری1392: 54**) بروم – نروم

بخورم - نخورم

3- مضارع ملموس/مستمر: ئەم جۆرە کارە لە زمانی فارسیدا نەرێ ناکرێت.(**هەمان سەرچاوە: 90**)

دارم می خورم.   -   شکل منفی ندارد

4- کاتی ئایندە:  لەکاتی ئایندەدا لە زمانی فارسیدا، بۆ نەرێکردنی ئەمکارە "مۆرفێمی نەرێ دەچێتەسەر کاری یاریدەدەری (خواستن)، بۆ کاری نادیاریش دەچێتە سەر کاری یاریدەدەری(شدن)"  (**بلقیس روشن، شهلا باقری:1392: 169**)

خواهد رفت --  نخواهد رفت.

فرستادە شد --- فرستادە نشد.

---

* بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کارەکانی و کاتەکانی بڕوانە(یوسف شەریف سەعید(2012)، کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسیدا)

**صیغەی امر/فەرماندان**: کاری فەرمان لەڕووی تافەوە ڕانەبردووە"چونکە ئەنجامدان، یان نەدانی کارەکە دەچێتە کاتی ئێستا، یان داهاتوو و هیچ پەیوەندییەکی بە ڕابردووەوە نییە".( هەمان سەرچاوە: 113) تەنها بۆ کەسی دووەمی تاک و کۆ دەبێت.

باوربکن – باورنکن

باوربکنید  - باور نکنید

نەرێکردن لە ئاستی ڕستەسازیدا :

لە زمانی فارسیدا ڕستە نەرێ دەکرێت بەهۆی بەکارهێنانی یەکێک لە مۆرفێمەکانی نەرێکردن لە پێکهاتەی ڕستەکەدا، یان بەهۆی واتای نەرێکراوی ڕستەکەوە. " بەکارهێنانی مۆرفێمە نەرێکراوەکە بەشێوەیەکی دیار لە پێکهاتەی ڕستەکەدا دەردەکەوێت." (مهدی مشکوە الدینی: 1379: 71)

1- مۆرفێمی نەرێکردنی(نـ) بە دووشێوەی جیاواز بەکاردەهێنرێت لە دروستەی ڕستەدا. (**محمد حسین کلانتری:** www.academia.edu)

علی امشب نمی اید.

علی امشب نیامد.

2- نا: بۆ نەرێکردنی هەندێک ڕستە دەتوانرێت سود لە دوو مۆرفێمی جیاواز وەربگیرێت، کە هەمان واتاش دەگەیەنێت، بەهۆی نەرێکردنی ئاوەڵناو، یان نەرێکردنی کار. (**ویدا شقاقی:** www.ensani.ir/article)

تصمیم او درست نیست.

تصمیم او نادرست است.

لە نەرێکردنی ئەو ڕستانەدا، کە هەمان واتایان هەیە دەتوانرێت لە جیاتی یەکتر بەکاربهێنرێن، چونکە هەمان واتایان هەیە. (**مهرزاد منصوری:** www.academia.edu).

-وضع این شهر مناسب نیست.

-وضع این شهر نامناسب است.

احمد راحت نیست.

- احمد ناراحت است.

(نە، خیر) لە هەندێک ڕستەدا بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی نەرێکردن، کاتێکیش ڕستە ئەم مۆرفێمەی تێدابێت واتای نەرێ دەگەیەنێت، لە کاتی بەکارهێنانیشدا دوو ڕستە بەکاردەهێنرێت.(**والی رضایی، مهناز ازادمنش: 1397: 64**) واتە لە ڕستەی ناسادەدا بوونی هەیە.

غذا می خوری؟ نە / خیر .

نە گرسنمە نە غذا می خورم.

أیا ماشین دارید؟ نە.

من نەماشین دارم نە خونە.

3- بی: مرد بی پول رفت.

بچە بی پدر امد.

لە زمانی فارسیدا بۆ نەرێکردنی ئەو ڕستانەی کارەکانیان (حال مستمر/مضارع ملموس و گذشته مستمر/ ماضی ملموس)ن، کارە یاریدەدەرەکە، کە (داشتن)ە، لە پێکهاتەی کاری (حال مستمر/مطارع ملموس و گذشته مستمر/ ماضی ملموس) لادەبرێت، بەڵام نەرێکردنەکان هاوتای یەکیان لێدێت.( **بلقیس روشن، شهلا ناصری: 1392: 170**)

1- صحبت می کرد. ------ صحبت نمی کرد.

داشت صحبت می کرد. ----- صحبت نمی کرد.

2- می روم. ----- نمی روم.

دارم می روم . ----- نمی روم.

**بەشی سێیەم: بەراوردکردنی نەرێکردن لە زمانی کوردی و فارسیدا**

لەم بەشەدا نەرێکردن لە زمانی کوردی و فارسیدا بەراورد دەکەین لایەنی لێکچوو و جیاوازییەکانیان ڕووندەکەینەوە بە گوێرەی ئەو تەوەرە و باسانەی لە بەشی یەکەم و دووەمی توێژینەوەکەدا خستومانەتەڕوو.

چەمک و پێناسەی نەرێکردن پێناسەکان لە هەردوو زمانەکەدا وەکویەکن، چونکە لە هەردوو زمانەکەدا هەمان چەمک و واتایان هەیە و هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت.

لە ڕووی زاراوەوە هەردوو زمانەکە جیاوازن و هەریەکەیان چەند زاراوەیەکی دیاریکردووە، هەردوو زمانەکە بەدەرنین لە فرەزاراوەیی، زمانەوانانی زمانی کوردی لە بەرهەمە زمانەوانیەکانیاندا بۆ نەرێکردن زاراوەکانی(ناکردن، نەهی، نەفی، نا،...) بەکارهێناوە، لە زمانی فارسیدا زاراوەکانی (نفی، منفی کردن، منفی سازی،...).

بەراوردکردنی مۆرفیمەکانی نەرێکردن لە زمانی کوردی و فارسیدا:

لە هەردوو زمانەکەدا، کۆمەڵێک مۆرفیمان هەیە بۆ نەرێکردنی ئاوەڵناو و کار و ڕستە، کە ژمارەیەکی دیاریکراو و سنوردارن. لە زمانی کوردیدا مۆرفێمەکانی نەرێکردن بریتین لە( نە، نا، بێ، مە، نی)، بەڵام لە زمانی فارسیدا مۆرفێمەکانی نەرێکردن بریتین لە(نـ ، نە، نا ، بی، چد، خیر).

**مۆرفێمەکانی نەرێکردن**

| *زمانی کوردی* | *زمانی فارسی* |
|---|---|
| نە | نـ |
| نا | نە |
| بێ | نا |
| مە | بی |
| نی | ضد |
| | خیر |

کەواتە هەردوو زمانەکە لە کۆمەڵێک مۆرفێمی نەرێکردندا هاوبەشن ئەوانیش مۆرفێمەکانی(نە، نا، بێ)ن، کە بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێن، بەڵام لەچەند مۆرفێمێکدا جیاوازن، مۆرفێمەکانی (نـ ضد، خیر) لە زمانی فارسیدا هەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا نییە، بەهەمان شێوە مۆرفێمەکانی(مە، نی) لە زمانی کوردیدا هەیە، بەڵام لە زمانی فارسیدا نییە.

نموونە بۆ مۆرفێمە هاوبەشەکان لە هەردوو زمانەکە:

| *زمانی کوردی* | *زمانی فارسی* |
|---|---|
| *من نەچومەتەدەرەوە، نە کارم کردووە.* | من نه بیرون رفتم، نه کارکردم. |
| *قسەکەی ئەو نادروستە.* | تصمیم او نادرست است. |
| *منداڵە بێ دەستەکە هات.* | بچه بی دست امد. |

نموونە بۆ مۆرفێمە جیاوازەکان لە هەردوو زمانەکەدا:

| *زمانی کوردی* | *زمانی فارسی* |
|---|---|
| *ئازاد مامۆستا نییە.* | او نرفت. |
| *خانووەکە مەکرە.* | او ضد نژاد پرستی بود. |
| ---------------- | سیب می خوری؟ خیر |

**نەرێکردنی ئاوەڵناو** : لە زمانی کوردیدا بەهۆی مۆرفێمەکانی (نە، نا، بێ) ئاوەڵناو نەرێ دەکرێت، واتای پێچەوانەیی دەگەیەنێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا بەهۆی مۆرفێمەکانی ( بی، نـ نا، ضد) بەهەمان شێوە واتای پێچەوانەیی دەگەیەنێت. مۆرفێمی هاوبەش بۆنەرێکردنی ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا مۆرفێمی (نا، بێ/بی)ن، وەک لەم نمونانەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو.

| *زمانی کوردی* | *زمانی فارسی* |
|---|---|
| *نەزان، نەمر، نەخۆر* | نفهمیده، نترس، نخور. |
| *نارەسەن، ناخۆش، نارێک* | نا امید، ناپخته، ناگفت |
| *بێ باڵ، بێ خەو، بێ ڕەوشت* | بی هنر، بی بهره |
| -------- | ضد نژاد پرستی، ضد وابستگی |

**نەرێکردنی کار** لە زمانی کوردیدا نەرێکردنی کار بە هۆی چەند مۆرفیمێکی نەرێکردنەوە دەبێت(مە، نی، نا، نە)، کە هەریەکەیان بۆ جۆرێک، یان چەندجۆرێک کار دەبێت(**بروانە: لا 5– 7 ی ئەم توێژینەوەیە**)، بەڵام لە زمانی فارسیدا مۆرفیمی(نـ) بۆ نەرێکردنی هەموو جۆر و کاتەکانی کار دەبێت، جگە لە کاتی(مضارع ملموس) ئەمجۆرەیان نەرێ ناکرێت و شێوەی نەرێکراوی نییە. (**بروانە: لا 12– 13 ی ئەم توێژینەوەیە**)

لە زمانی کوردیدا ڕستە نەرێ دەکرێت بەهۆی بوونی یەکێک لەم مۆرفیمانە(نە، نا، مە، نی، بێ) لە پێکهاتەی ڕستەکەدا، بەڵام لە زمانی فارسیدا مۆرفیمەکانی (نـ نا، نە، خیر، بی) لە پێکهاتەی ڕستەدا بەکاردێت بۆ نەرێکردنی ڕستە، لە هەردوو زمانەکەدا هەمان ئەرکیان هەیە، کە ئەرکی بەرپەرچدانەوە و نەکردنی بەشێک، یان هەموو ڕستەکەیە. بەشێوەیەک لە پێکهاتەی ڕستەکەدا دەچێتە ناو پێکهاتەی یەکێک لە فرێزەکان، بەشێوەیەکی گشتیش دەچێتە ناو پێکهاتەی فرێزی کاری.

| *زمانی کوردی* | *زمانی فارسی* |
|---|---|
| *عەلی بۆ قوتابخانە نەڕۆشت.* | علی به مدرسه نرفت. |
| *من بۆ بازاڕ ناچم.* | او نامهربان است. |
| *خانوەکە مەکڕە.* | سیب زمینی می خوری؟ نه/خیر |
| *نەسرین زیرەک نییە.* | نه با ازاد نه با علی حرف نمی زنم. |
| *منداڵی بێناز خەمبارە.* | این مرد بی مغز است. |

کۆمەڵێک وشەی نەرێی هاوبەش هەیە، کە لە هەردوو زمانەکەدا وەکویەکن و بەکاردەهێنرێت لە پێکهاتەی ڕستەدا لە هەردوو زمانەکەشدا، ئەگەر ئەو وشانە بەکارهاتن کاری ڕستەکەش نەرێکراو دەبێت.

| *زمانی کوردی* | *زمانی فارسی* |
|---|---|
| *هیچ ناخۆم.* | هیچ ندارم. |
| *هیچ شتێکم نەکڕی.* | هیچ چیز نخریدم. |
| *هیچ کەس نەهاتووە.* | او هیچ وقت صحبت نمی کند. |

لە هەردوو زمانەکەدا ڕستەمان هەیە ، کە هیچ مۆرفیمێکی نەرێکردنی تیادا نابینرێت و بەکارنەهاتووە، بەڵام نەرێ دەگەیەنێت بەهۆی واتای بنەڕەتی ڕستەکەوە، وەک لەم نمونانەی خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە:

| *زمانی کوردی* | *زمانی فارسی* |
|---|---|
| *جگەرەکێشان قەدەغەیە.(واتە جگەرە مەکێشە.)* | من قبلا قند می خوردم. |

| | |
|---|---|
| *من ساڵی پار شۆفێریم دەکرد.(واتە ئێستە نایکەم.)* | او محال است این کار بکند. |

لە ڕووی واتاسازیشەوە، نەرێکردن لە هەردوو زمانەکەدا بەگشتی کۆمەڵێک واتا دەگەیەنن، کە هاوواتان لەگەڵ یەکتردا، بۆنمونە لە زمانی کوردیدا نەرێکردن، واتای( پێچەوانەیی، بەرامبەری، بەراوردی، دوودڵی، ئاگادارکردنەوە، .....)، بە هەمان شێوە لەزمانی فارسیدا واتای(پێچەوانەیی، ڕەتکردنەوە، نەهیکردن، ....) دەگەیەنێت. **(بڕوانە: لاپەڕە 3-5، 9-11ی ئەم توێژینەوە)**

**ئەنجامەکان**

1- نەرێکردن بابەتێکی هاوبەشە لە نێوان هەردوو ئاستی ڕێزمان و واتاسازیدا، کە لە هەموو زمانەکانی دنیادا بەشێوەی جیاواز هەیەو بەکاردەهێنرێت.

2- زمانی کوردی و فارسی لە چوار تافی کاری ڕابردوودا وەکیەکن، کە بریتین لە کاری ڕابردووی(نزیک، تەواو، دوور، بەردەوام).

3- لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی مۆرفیمی(نا، نە) چالاکن بۆ نەرێکردنی زۆربەی ڕێژەو کاتەکانی کار بەکاردەهێنرێن، جگە لە کاری فەرمان، کە بەهۆی مۆرفیمی (مە) نەرێ دەکرێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا بۆ نەرێکردنی هەموو ڕێژەکانی کار مۆرفیمی(ن) بەکاردەهێنرێت.

4- لە زمانی کوردیدا لە کاتی نەرێکردنی کاری داهاتوودا، مۆرفیمی کاتی داهاتووەکە لا دەبرێت و(نا)دەچێتە شوێنەکەی، وەک: دەڕۆم -- ناڕۆم ، بەڵام لە زمانی فارسیدا مۆرفیمی نەرێکردن و کاتی داهاتووەکە هەردووکیان بونیان هەیە، مۆرفیمی نەرێکردنەکە دەچێتە پێش مۆرفیمی کاتی داهاتووەکەوە، وەک: می خوانم --- نمی خوانم.

5- نەرێکردنی ڕستە بە دوو شێواز ئەنجام دەدرێت لە هەردوو زمانەکەدا، بەهۆی بوونی مۆرفیمی نەرێکردن لە پێکهاتەی ڕستەکەدا، یان بەهۆی واتای ڕستەکەوە کە واتای نەرێکردن دەبەخشێت.

## سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی**

**کتێب:**


1- ئەورەحمانی حاجی مارف( 2000)، ڕێزمانی کوردی، بەشی یەکەم وشەسازی، بەرگی پێنجەم-کردار، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

2- ئاسۆ عەبدولڕەحمان کەریم(2014)، ڕۆنانی ڕستە لە شێوەزاری فەیلیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

3- تارا عەبدولا سەعید( 2014)، هەندێک لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

4- سەلوا فەریق سالح(2009)، کرداری داڕێژراو لەنێوان کوردی و فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

5- عەبدوللا حوسێن رەسول(1991)، ناکردن لە کوردیدا، چاپخانەی هیڤی، هەولێر.

6- عبدالله حسین رەسول(2014)، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

7- عەبدولواحید موشیر دزەیی( 2013)، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

8- عەبدولواحید موشیر دزەیی( 2015)، پراگماتیک و ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، هەولێر.

9- نەریمان خۆشناو(2012)، ڕێزمانی کوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

10-نوری عەلی ئەمین( 2014)، ڕێزمانی کوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

11-وریا عومەر ئەمین(2004)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

12-یوسف شریف سعید(2012)، کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.


**گۆڤار**


13-سەلام ڕەحیم ڕەشید، خۆشناو عزیزامین(2016)، ڕێزمانی جێناو لە کرمانجی ناوەڕاستدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە 7.


**بە زمانی فارسی:**

**کتێب :**


14- حسن انوری، حسن احمدی گیوی(1391)، دستور زبان فارسی2،ویرایش چهارم، چاپ دوم ، ایران.

15- فاطمه جعفری(1392)، دستور کاربردی ویژەی زبان اموزان غیرفارسی زبان، جلد دوم، انتشارات دانشگاه تهران-ایران.

16- مهدی مشکوه الدینی(1379)، دستور زبان فارسی، چاپی سیزده هم، انتشارات دانشگاه فردوسی-مشهد،ایران.

**گۆڤار**

17- بلقیس روشن، شهلا ناصری(1392)، ایا هر جمله مپبت فارسی یک نقیر منفی دارد؟، ادب پژوهش، شماره بیستو پنج، پایز.

18- والی رضایی، مهناز ازادمنش( 1397)، ردەشناسی نفی در زبان فارسی: انگاره نقشه معنایی، نشریه پژوهش های زبان شناسی تکبیقی، سال هشتم، شماره هشتم، بهار و تابستان.

**ماڵپەری ئەلیکترۆنی:**

19-محمد حسین کلانتری، (2019)، نفی سازی(نفی) در زبان فارسی www.academia.edu

20-مهرزاد منصوری، نفی در زبان فارسی از منقری ردەشناسی زبانی www.academia.edu

21-ویدا شقاقی(2019)، پیشوند نفی در زبان فارسی، دانشتگاه علامه گباگبایی www.ensani.ir/article

## پوختەی توێژینەوەکە

نەرێکردن وەک بابەتێکی زمانیی کردەیەکە چ لە ئاستی ڕێزمان، یان ئاستی واتاسازیدا ڕۆڵ و ئەرکی تایبەتی هەیە و جێگای بایەخ پێدانە لە گشت زمانەکاندا ، لە هەر زمانێکیشدا کۆمەڵێک تایبەتیەتی خۆیی هەیە، بۆیە ئێمەش بە گرنگمانزانی، کە توێژینەوە لەو بابەتە گرنگە زمانییە بکەین و بەراوردی ئەو بابەتە لە هەردوو زمانی کوردی(شێوەزاری سلێمانی) و زمانی ستانداردی فارسیدا(فارسی نوێ) بکەین، تا بتوانین تیشکێک بخەینە سەر ئەم لایەنە گرنگە لە هەردوو ئاستی وشەسازی و رِستەسازیشدا بە وردی شیبکەینەوە، بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری.

**توێژینەوەکەشمان لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتووە:**

**بەشی یەکەم**: تایبەتمانکردوە بە نەرێکردن لە زمانی کوردیدا، لە دوو تەوەرە پێکهاتووە:

**تەوەرەی یەکەم**، چەمک و زاراوەی نەرێکردن و پێناسەی نەرێکردن، جۆرەکانی نەرێکردن، نەرێکردن لەڕووی واتاوە لەخۆدەگرێت.

**تەوەرەی دووەم**، نەرێکردن لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا خراوەتەڕوو.

**بەشی دووەم:** تایبەتە بە نەرێکردن لە زمانی فارسیدا، بەهەمان شێوەی بەشی یەکەم لە دوو تەوەرە پێکهاتووە:

**تەوەرەی یەکەم**، چەمک و زاراوەی نەرێکردن و پێناسەی نەرێکردن، جۆرەکانی نەرێکردن، نەرێکردن لەڕووی واتاوە لە زمانی فارسیدا لەخۆدەگرێت.

**تەوەرەی دووەم**، نەرێکردن لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا لە زمانی فارسیدا خراوەتەڕوو.

**بەشی سێیەم:** لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا هەستاوین بە بەراوردکردنی نەرێکردن لە هەردوو زمانی کوردی و زمانی فارسیدا، کە لە چەند لایەنێکەوە بەراوردکارییەکەمان کردووە.

- بەراوردکردنی مۆرفیمەکانی نەرێکردن لە زمانی کوردی و فارسیدا.

- بەراوردکردنی نەرێکردنی ئاوەڵناو لە زمانی کوردی و فارسیدا.

- بەراوردکردنی مۆرفیمەکانی نەرێکردنی کردار لە زمانی کوردی و فارسیدا.

- بەراوردکردنی نەرێکردنی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشماندا ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووین لە توێژینەوەکەدا و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

**خلاصه**

این پژوهش اختصاص دارد به (نفی کردن در زبان کردی و فارسی)، در این پژوهش مقایەسەای وصفی شدەاست، برای نشان دادن جوانب متفاوت و متشابه نفی و ادوات نفی در هردو زبان است، روش کار تحلیلی-وصفی است. این پژوهش شامل مقدمەای و سه فصل انجام می شوند:

فصل اول: مختص به نفی کردن در زبان کردی می باشد، که دو بخش دارد، بخش اول: مفهوم نفی و تعریف ان، انواع نفی، اصطلاحات نفی و معناشناسی. اما بخش دوم: نفی در زمینەهای مورفولوژی و نحو نشان می شود.

فصل دوم: اختصاص دارد به نفی در زبان فارسی، این فصل هم به دو بخش تقسیم می شود، بخش اول: تعریف و مفهوم نفی، اصطلاحات نفی، معناشناسی نفی، انواع نفی، بخش دوم: نفی در زمینه‌های مورفولوژی و نحو در زبان فارسی داده می شود.

فصل سوم: مختص به مقایسه‌ای نفی بین زبانهای کردی و فارسی از جنبه‌های مختلف انجام شده‌است، ویژه‌ی مقایه‌سه‌کردن موچوعاتی است، که در فصل اول و دوم مورد پژوهش بررسی قرار گرفته. در خاتمه‌ای این پژوهش ، مهمترین نتایجی را که از پژوهش به‌دست امده به گور منابع و خلاصه بیان شده.

**Abstract**

This research is entitled "Negation in both Kurdish and Persian languages."

In our research we have made a comparison between both languages (Kurdish and Persian)in terms of negation. The method is analytical-descriptive, This research consists of an introduction followed by three chapters:

Chapter one: we specialized this chapter to the negation in Kurdish language, it has two parts, the first part: concept of negation and its definition, types of negation, negation terms of semantics. The second parts: negation is demonstrated in the fields of morphology and syntax.

Chapter two: we specialized this chapter to the negation in Persian language, it has two parts, the first part: concept of negation and its definition, types of negation, negation terms of semantics. The second parts: negation is demonstrated in the fields of morphology and syntax.

Chapter three: A Comparison between Kurdish and Persian languages in depicted, comparison was made in various aspects.

In the conclusions, the most important results obtained from research are stated. The research ends with the bibliography.